# هاجین
# له سەر ڕەوتی مەزنان

**دیدار مەسیفی**

dmasifi289@yahoo.ca



کۆنراد و ناپۆکۆڤ دوو ناوی مەزنی دونیای ئەدەبن، بەڵآم بۆ ها جین بریتین لە دوو وێردی بەردەوامی سەر زوبان و دوو نموونەی زیندوو و بە جۆش بۆ خۆبینینەوە. جونکە هەر کاتێک ڕۆژنامەوانی گۆڤارە ئەدەبیەکان یان قوتابیانی زانکۆ ئەو پیاوە چاویلکە لە چاوە چینیە دەدەنە بەر لێشاوی پرسیار، ئەو یەکسەر بە ناوی ئەو دوو نووسەرەی سەروو دەست پێدەکات و لەوێوە دەچێتە ناو باسکردنی ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆی لەگەڵ نووسین.

ها جین لە پاڵ کۆنراد و ناپۆکۆڤ خۆی بە تەواوکەری سێکوچکەیەک دەزانێت کە تیایدا سێ نووسەری سنوور بەزێن بە تەمەنێکی گەورەوە سەفەری ئەمریکایان کرد و فێری ئینگلیزی، دوایی وەک ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو لە پڕ گەیشتن بە لوتکەی ئەدەب لەم وڵاتە. سەرەڕای ئەوەی هەریەک لەم سێ بەڕێزە سەر بە میللەتانێکن ناسراون بەوەی کە بە زەحمەت فێری زمانێکی دیکە دەبن. ئەو ڕۆژەی ها جین لە دایک دەبێت باوک و دایکی دکتۆر و ئەفسەری هەزار و یەک خەونیان بۆ کوڕەکەیان دادەڕشت و لە ئەندێشەی سوور هەڵگەڕاوی ئەوان بە کتێبەکانی ماو، ئەمریکا بریتی بوو لە دوژمنترین و دوورترین شوێن کە بۆ دواڕۆژی کوڕەکەیان بیخوازن. ئەو کاتە دە ساڵ بەر لە شۆڕشی کەلتوری چین بوو و نیشتمانی ها جینیش حەفت ساڵ بوو بەرگی سووری پۆشیبوو. سەردەمێک بوو کە دەسەڵاتی حیزب شوێنی هەر ئەو دوازدە گیانلەبەرەی گرتبووەوە کە چینیەکان لە بوونەوە ساڵەکانیان پێدەپێون و چارەی نەوەکانیان پێ دیار دەکەن.

بۆیە ساڵی 1956 بۆ دایک و باوکی ها جین لە جیاتی ئەوەی ساڵی مەیموون بێت زرنگی و داهاتووی گەشی کوڕەکەیان بۆ دیار بکات، ئەویش بریتی بوو لە ساڵێکی سووری نوێ بۆ چینی تازە. هەروەها ماوەیەکی درێژ هەردووکیان هەڵبەت دڵیان بەوە خۆش بووە کەوا کوڕەکەیان لە ڕۆژێک لە دایک بووە کە تیایدا مارکس و ئەنگلز مانیفستۆ بەناوبانگەی خۆیان تێدا ڕاگەیاند. لەبەر ئەوە هەردووکیان هیچ دوو دڵ نەبوون لەوەی کە نەخشەی ژیانی کوڕەکەیان بە جۆرێک داڕێژن کە ببێت بە ئەفسەر و وەک ئەوان خزمەت بە ئایدۆلۆژیا بکات. بەڵام هەرگیز وایان بە خەیاڵ دا نەهات کەوا بیست و یەکی مانگی دوو، ئەو ڕۆژەی کە کوڕەکەی ئەوان هاتۆتە دونیا لە شوێنێکی تر قەدەرێکی ترە و چارەی کوڕەکەیان بە جۆرێکی تر دیار دەکات.

پاش ئەوەی ها جین حەفت ساڵی تەمەنی هەرزەکاری لە سەربازیدا بەهەدەر دەدات کاتێک شەوانی درێژ ئێشگری سنوور دەبێت لە باکوری خۆرئاوای چین. ها جین لە پڕ لە بەرامبەر دوگما و سیاسەتدا دەتەقێتەوە و دەبێت بو شاعیر. ئەو ساڵانی دواتر ڕوندک بۆ ئەو ساڵە بەنرخانەی تەمەنی دەڕێژێت و دەڵێت بەدبەخت ئەوانەی دەسەڵات سەردەمی هەرزەکارییان لێ ترۆ دەکات. ها جین بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گەورەیەی

ژیانی بە هۆی رادیۆوە خۆی فێری زمانی ئینگلیزی دەکات و دواتر لە لە دەرگای خوێندن دەدات تا پلەی ماستەر لە ئەدەبی ئینگلیزی وەردەگرێت ناوەستێت.

بۆ تیزی دکتۆراکەی لە رێگای دەوڵەتەوە بەرەو ئەمریکا سەفەر دەکات بەڵام پاش رووداوی گۆڕەپانی تاینمان ئەو بریار دەدات هەرگیز نەگەڕێتەوە چین. ئەو شاعیرەی ها جین بۆ دکتۆراکەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات وەک ئەو کوڕی دکتۆر بووە و بۆ ئەمریکا کۆچی کردبوو. هەروەها بە رێکەوتێکی سەیر بۆ ئەو ئەو شاعیرە نیو سەدە زووتر لە هەمان رۆژی ئەو لە دایک ببوو. هاوپێچ لەگەڵ ناوی شاعیری ئەنگلۆ–ئەمریکی وەیستان ئۆدەن، ها جین لێکۆڵینەوەکەی فراوانتر دەکات و پاوەند و ئەلیوت و یەتسی دەخاتە سەر. بەمەش دەبێت بە یەکێک لە شارەزایانی ئەدەبی ئەنگلۆ – ئەمریکی و دەرگایەکی گەورە فراوان دەکەوێتە بەردەمی کە لە پشتەوەی تواناکانی خۆی تاقی بکاتەوە. بۆیە لە ئەمریکا بەر لە گەڕان بە دوای دەرگای تر ئەو تەواوی کات خەریکی نوسین دەبێت.

ها جین دوایی نوسینی چەندین دیوانی شیعر و کورتە چیرۆک و رۆمان، دوو خەڵاتی بەرزی ئەمریکا وەردەگرێت کە بریتی بوون لە پێنی فۆلکنەر و پێنی هەمینگوای. ها جین ئێستا پرۆفیسۆری یاریدەرە لە زانکۆی بۆستن، بەڵام وەک نوسەر ئەو شتەی کە ئەو جیا دەکاتەوە لە زۆربەی نوسەرانی دیکە ئەوەیە کە ها جین سەرباری ژمارەیەکی زۆر کتێب، ئەو تەنها بە دوو بەرهەمی دەناسرێتەوە کە یەکەمیان یەکەمین دیوانی شیعریەتی بە ناوی {لە مابەینی بێدەنگیەکاندا} و دووەمیشیان دووەمین رۆمانیەتی بە ناوی {چاوەڕوانی}

وەک ئەوەی بلێیت ها جین لە ئەدەبیشدا بە ئەفسووس خواردن بە تەمەنی وەریوی هەرزەکاری سەربازێکی سانسۆرچی لە ناخیدا قیت بۆتەوە و تەنها رێگای پێداوە دوو هەنگاو بە جوانی هەڵێنێت کە یەکەمیان بۆ نوسینی شیعر بێت، ئەوی دیکەش بۆ رۆمان!